حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی / هەولێر

فاکەڵتی یاسا – بەشی یاسا

# بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسای گشتی  پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لەزانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە.


ئامادەکردنی فێرخوزان

1- هاوکار اکرم عثمان

2- جمیل سعید جمیل

بەسەرپەرشتی

م.ی.کاسترۆ سالم


2023-2022 ز

1445-1444 ك

# بسم الله الرحمن الرحيم

## (قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)

صدق الله العظيم

سورة ال عمران

الآية (26)

## سوپاس و پێزانین

لەسەرەتادا سوپاس و پێزانین بۆ خودای گەورە کە دەرفەتی پێداین ئەم توێژینەوەیە بنووسین وە هەروەها سوپاسی سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەرانی فاکەلتی یاسا لە زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی دەکەین کە هاوکارمان بوون لەم پرۆسەیەدا وە وە بە تایبەتی سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیار مامۆستا (کاسترۆ سالم) دەکەین کە زۆر هاوکارمان بووە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە وە سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بە بچوکترین شێوەش هاوکارمان بوون لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

**توێژەران**

## پێشكەشكردن

ئەم توێژینەوە كە ڕەنج و ماندوبوونی ئەم ساڵمان بوو پێشكەشی دەكەین بە:

- دایك و باوكی خۆشەویستمان ..
- تەواوی ستافی مامۆستایانی فاكەلتی یاسا لە زانكۆی تیشكی نێودەوڵەتی ..
- هەموو ئەو كەسانەی لە بواری یاسادا كاردەكەن..
- هەموو فێرخوازێك كە حەزبە زانست دەكەن..

توێژەران

**( پێڕست )**


| لاپەڕە | ناوەڕۆك |
|---|---|
| ب | قورئانی پیرۆز |
| ت | سوپاس و پێزانین |
| ث | پێشکەشکردن |
| ج | پێڕست |
| 3-1 | پێشەکی |
| 11-4 | دەروازەی یەکەم : پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| 8-4 | باسی یەکەم : چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| 11-8 | باسی دووەم : دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| 20-12 | دەروازەی دووەم : بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| 15-13 | باسی یەکەم : شێوازەکانی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| 20-15 | باسی دووەم : ئەو لایەنانەی کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە دەکەن لەکاتی بەتاڵ بوونی پۆستەکەی |
| 22-20 | کۆتایی : (دەرەئەنجام و پێشنیار) |
| 24-23 | لیستی سەرچاوەکان |

**پێشەکی:-**

لەبەر ئەوەی لەهەر سیستەمێکی سیاسیدا سەرۆکێك هەیە یەکێتی گەل و ولأت بەرجەستە دەکات بەناوی ئەوەوە لەسەر ئاستی سیاسی و نێودەوڵەتی دەدوێت و وەك سەرۆکی بالأی ڕاپەڕاندن چاودێری بەرژەوەندیەکانی هاولأتیان دەکات وە پالپشتیەکی سەرەکیە بۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا,لەبەر ئەوەش کە باری ناوەخۆی پێشووی کوردستان رێك و لەبار نەبوو بۆ تەواو کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ((ڕابەری بزوتنەوەی ریزگاریخوازی کورد)) بەپێی یاسای ژمارە (2)ی سالی (1992) کە ئێستا بە پلەی سەرۆکی هەرێم ناو دەبرێت , دواجار پێویستی کرد بە یاسای ژمارە (10) سالی (1997) دەسەلاتەکانی دابەش بکرێت بەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان -عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دا , لەبەر ئەو گۆرانکاریە گرینگیانەی کە لە عێراق ڕوویاندا لە ئەنجامی ڕوخانی رژێمی سەدام حسێنی دیکتاتۆر و دەرچوواندنی (یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) کە سیستەمی فیدرالی بۆ عێراق چەسپاند و سەرکەوتنی هەڵبژاردنە گشتیەکان لە عێراق کە بوە هۆی یەکەم کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵبژێردراوی عێراق و بە بەشداری کورد لە دەسەلأتە فیدرالیەکاندا تا دەگاتە سەرۆك کۆماریش , بۆیە پێویستی کرد بەگوێرەی ئەم سیستەمە هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی هەبێت بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان –عێراق، تا هەلۆێست و تواناکان رێك بخرێن بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی گەلی کوردستان – عێراق.

شایەنی باسە بەتالی پۆستی سەرۆکی هەرێم درووست دەبێت لە ئەنجامی دیارنەبوونی یا چۆڵ بوونی سەرۆکی هەرێم بەهەر هۆکارێك بێت کە ئەمەش بۆشایی گەورە لەم پۆستەدا دروست دەکات. مەبەستمان لەم توێژینەوە ئەم هۆکارانە بخەینەڕوو وە بە دەقی یاسایی ڕوونی بکەینەوە.

**یەکەم –کێشەی توێژینەوە:**

پۆستی سەرۆکی هەرێم یەکێکە لە گرنگترین پۆستەکان کە بەهەرەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت بۆیە پێویست دەکات ئەم پۆستە بە شێوازێکی یاسایی ورد سەرجەم لایەنەکانی دیاری بکرێت هەر لە هەڵبژاردنەوە تاوەك و ئەرك و مافەکان تەنانەت کاتی بەتاڵ بوونی یاخود چۆڵ بوونی ئەم پۆستە,کێشەی یاسایی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە کۆمەڵێك پرسیار و لێکدانەوەی یاسایی دادەبینێتەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

1- کاتێك پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتاڵ دەبێت یاخود چۆڵ دەبێت جا بەهەر هۆکارێك چۆن ئەم بۆشاییە پڕدەکرێتەوە لەڕووی یاساییەوە ؟

2- ئەو لایەنە کێ یە کەوا دەبێتە شوێنگرەوە؟ ئایا دەتوانێت سەرجەم دەسەلاّتەکانی پیادەبکات ؟ بۆ ماوەی چەند دەتوانێت وەك شوێنگرەوە بوونی هەبێت ؟

3- لەحاڵەتی درووست بوونی کێشەی یاسایی وەك بەسەرچوونی ماوە یاخود دیارنەبوون و چۆڵ بوونی ئەو لایەنەی کە دەبێتە شوێنگرەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم چۆن چارەسەری ئەم بابەتە دەکرێت ؟

**دووەم – گرینگی توێژینەوە:**

پۆستی سەرۆکی هەرێم گرنگی و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سەرجەم جومەگەکانی دەسەلاّت بەتایبەت دەسەلاّتی یاسادانان و دەسەلاّتی دادوەری ، بەوپێیەی کەوا سەرۆکی هەرێم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم و تەناتەت لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك دەسەلاّتی یاسادانان و دادوەری هەیە لەپاڵ ئەوەی کە فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لەسەر ئاستی ناوەخۆ و ئاستی دەرەکی ، بۆیە زۆر گرنگە ئەم پۆستە بەپارێزراوی بمێنێتەوە لەڕووی یاساییەوە . لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین ئێمە یەکەم کەسین کە دەست بۆ ئەم بابەتە دەبەین و خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بۆ دەکەین ، هەر ئەوەش هوکاری نەبوونی سەرچاوەیە لەسەر بابەتی توێژینەوەکەمان، بۆیە هیوادارین ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت.

**سێیەم – تیۆری توێژینەوە:**

بۆ دیراسەکردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوە هەڵدەستین بە گرتنەبەری ڕێگای شیکاری"کە تێیدا خوێندنەوەیەکی شیکاری رەخنە ئامێز بۆ ئەو دەقانە دەکەین کەلە یاسایی ژمارە (1) ساڵی (2005) یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دا هاتوون ، هاوشان لەگەڵ خستنەڕوێکی یاسایی بۆ سەرجەم ئەو دەقانەی کەوا لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەن.

**چوارەم – چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە بە گەڕانەوە بۆ دەقە یاساییەکانی نێو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و یاسایی ژمارە (1) ساڵی (2005) یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و هەموارەکانی و یاسای دابەشکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمی ژمارە (2) ساڵی 2017، و یاسای دووبارە کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (1) ساڵی2019.

**پێنجەم – پلانی توێژینەوە:**

بەمەبەستی خوێندنەوەیەکی یاسایی شیکاری و گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە بەپێویستمان زانی پلانێکی دیاریکراو بگرینەبەر بۆ ئەم مەبەستە " ئەویش بریتی یە لە دابەشکردنی توێژینەوەکەمان بۆ سەر دوو دەروازە ، بەشی یەکەم کە خۆی لەدەروازەی یەکەم دەبینێتەوە بەناونیشانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لە دوو باس دا دەبینێتەوە ، لە باسی یەکەم ئاماژە دەکەین بە مەرجەکانی دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وە لەباسی دووەم تیشك دەخەینە سەر دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم ، وەهەروەها دەروازەی دووەم لەژێر ناونیشانی بۆشایی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا دەبینێتەوە بەسەر دوو باس دا دابەش دەکەین ، باسی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی شێوازەکانی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم ، وە لە باسی دووەم خوێندنەوەیەکی یاسایی دەکەین بۆ ئەو لایەنانەی کەوا دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە دەکەن لەحاڵەتی دیارنەبوونی یاخود چۆڵ بوونی.

وە کۆتایی دواجار کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دەهێنین بە کۆمەڵێك دەرەئەنجام و پێشنیار ، سەرکەوتنیش هەر لەلایەن خوداوە دەبێــت.

## دەروازەی یەکەم

## پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

بالآترین پۆستی جێبەجێکاری لەهەرێمی کوردستان بریتی یە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوشان لەگەڵ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە کۆمەڵێ ئەرك و دەسەلآتی تایبەتی هەیە و پێگەیەکی گرنگە بۆ ولآت هەم لە کاروباری ناوەخۆیی و هەم لە کاروباری دەرەکی, وە گرنگی و قورسایەکی تایبەتی هەیە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

بە مەبەستی دیراسە کردنی بابەتی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵساین بە دابەش کردنی ئەم دەروازەیە بۆ دوو باس, لە باسی یەکەمدا ئاماژە دەکەین بە بابەتی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە باسی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر ئەرك و دەسەلآتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

### باسی یەکەم

### چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

دیاری کردنی کەسێك بۆ ئەم پۆستە بە شێوەی هەڵبژاردن دەکرێت کە لە لایەن هاولآتیانی ئەم هەرێمە هەڵدەبژێردرێت و دەنگدان لەسەر ئەم پۆستە دەکرێت و وە چەندین کەس خۆیان دەپاڵێون بۆ ئەم پۆستە لە کۆتایی دا بە زۆرینەی دەنگ [1]کەسێك هەڵدەبژێردرێت کە زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە.

بە گەڕانەوەمان بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)سالی 2005 تێبینی ئەوەمان کرد لە دەقی ماددەی (2)ی ئەم یاسایە دا باسی لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکێك لە هەرێمی کوردستان کردووە کە تێیدا

---

([1]) سەیری دەقی ماددەی (61) بکە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە بلاْوکراوەتەوە لەپەڕەی فەرمی سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان : http://krp.org/arabic/documents.aspx ، بەرواری سەردانی کردن : (2022/12/14). بۆ هەمان مەبەست تکایە بگەڕێوە بۆ دەقی ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (1) تایبەت بەسەرۆکایەتی هەرێم سالّی 2005.

هاتووه (هاولاَتيانی كوردستان – عێراق به دەنگدانێكی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ سەرۆكێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن كه لەسەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتییان دەكا وبه ناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاته فیدراڵیەكان و دەسەڵاتەكانی هەرێمدا دەكات).

لە میانەی شیكردنەوەی ئەو ماددەیه بۆمان بەدەر دەكەوێت كه هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لەلایەن هاولاتیانەوە دەبێت نەوەك لەلایەن پەرلەمانەوە, سەرەرای ئەوەی یاسادانەری هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك هەمواری ئەنجامدا لەسەر یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەلام تێبینی ئەوەمان كرد كەوا ئەو ماددەیه دوور بووە لە بابەتی هەمواركردن واته هەروەك خۆی ماوەتەوە تا ئەو كاتەی ساڵی (2019) لە یاسای ژمارە (1)ی تایبەت به دووبارە كاراكردنەوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لەدەقی ماددەی (3/یەكەم)[1] هاتووە كه هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت نەوەك لەلایەك گەل, بەمەش دەتوانین بڵێین تەوەجوهی وڵات لە سیستەمی سەرۆكایەتیەوە گۆڕا بۆ سیستەمی پەرلەمانی ، چونكه لەسیستەمی سەرۆكایەتی سەرۆكی وڵات ڕاستەوخۆ لەلایەن گەڵەوە هەڵدەبژێردرێت ، بەپێچەوانەی سیستەمی پەرلەمانی كەوا سەرۆكی وڵات لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری دەكرێت ، لەلایەن خۆمانەوە كۆمەڵێك تێبینیمان لەسەر جێبەجێكردنی هەر یەك لە سیستەمی سەرۆكایەتی و سیستەمی پەرلەمانی هەیه بەلاَم چوارچێوەی توێژنەوەكەمان ڕێگه بەو بابەتە نادات بۆیه خۆمان بەدوور دەگرین لەم بابەتە بۆ ئەوەی دوور نەكەوینەوە لە بابەتی بنەڕەتی.

شیاوی ئاماژە پێدانە كەوا لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان دا هاتووە سەرۆكی هەرێمی بە هەڵبژاردنێكی ڕاستەوخۆ و نهێنی لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت بەو شێوازەی كه یاسا دیاری دەكات[2].

---

([1]) دەقی ئەم ماددەیه (بەدەر لە حوكمی ماددەی دووەم لەیاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەمواركراو ، پەرلەمانی كوردستان – عێراق سەرۆكێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەلاَتانەی كه لەیاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردسان – عێراقدا هەیه ، تا پەسەند كردنی دەستوری كوردستان كه تێیدا شێوازێ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم و دەسەلاَتەكانی دیاری دەكرێت..).

([2]) سەیری دەقی ماددەی (61) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان بكە.

بەڕای ئێمە یاسادانەر کارێکی باشی کردووە کەوا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی پەیوەست کردووە بە ئیرادەی گەل ، چونکە سەرۆك لەوڵات نوێنەرایەتی گەل دەکات و لەسەر ئاستی نێوەخویی و دەرەکیش بەناوی ئەوانەوە دەدوێت ، بەوپێیە سەرۆك تەنها لەبەرامبەر گەل بەپرسیار دەبێت و تەنها گەلیش دەتوانێت لەم پۆستە بیهێنیتە خوارەوە وەك بنەمایەکی گشتی.

بۆ زیاتر ئاماژەدان بە بەپۆستی سەۆکی هەرێم لەڕووی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەم پۆستە و پیادەکردنی دەسەڵاتەکان بە پێویستمان زانی ئەم باسە دابەش بکەین بەسەر دوو لقی سەربەخۆ ، لە لقی یەکەم باس لەو مەرجانە دەکەین کە پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە خۆی کاندید دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، وە لقی دووەم دا تیشك دەخەینە سەر چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە.

## لقی یەکەم

## مەرجەکانی کاندیدی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بۆ خۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك مەرج دانراوە پێویستە لەو کەسە دا هەبێت کە خۆی دەپاڵێوێت ،لەخوارەوە گرنگترین ئەم مەرجانە دەخەینە ڕوو کە لە دەقی مادده (5)ی یاسای ژمارە (1) ساڵی 2005 ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی– عێراق دا هاتوون:

1- تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردن لە (40) چل ساڵ کەمتر نەبێ.

2- هاوڵاتی و نیشتەجێی کوردستان – عێراق بێت.

3- لەهەموو مافە مەدەنی و سیاسیەکان بەهرەمەند بێت.

بەبۆچوونی ئێمە سەرجەم ئەم مەرجانەی لەم ماددەیەدا دیاریکراون لەجێگای خۆیانن و یاسادانەر کارێکی باشی کردووە ، بەڵام باشتر دەبوو ئەگەر لەڕێگای خاڵێکی ترەوە ئاماژەی بەوە بکردبا کەپێویستە ئەم کەسە سزا نەدرابێت بەهیچ تاوانێکی ئابڕووبەر یاخود مادە بێهۆشکەرەکان و تیرۆر و سەرجەم ئەو تاوانانەی کەوا کەسایەتی ئەو کەسە لەکەدار دەکەن ، چونکە

پۆستی سەرۆکی هەرێم وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا نوێنەرایەتی تەواوی گەل دەکات و بۆیە زۆر پێویستە ئەو کەسە خاوەن کارێزمایەکی زۆر بەهێزبێت.

وە بەبڕوای ئێمە بابەتی بڕوانامە یاخود نازناوی زانستی کە لەلایەن یاسادانەرەوە پشتگوێخراوە کارێك زۆر باشە ، لەبەر ئەوەی کارێزما و کەسایەتی و ڕابەری هیچ پەیوەندیەکی بە بوونی بڕوانامە نیە ، ئەوەی گرینگە ئەوەیە گەل ئەو کەسەی بوێت و بەڕابەری خۆی دیاری بکات ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە بەهرەی بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی شکۆ و بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی وڵات بەهرەیەکی خودایی و هیچ پەیوەندیەکی نیە بەبابەتی بڕوانامەی زانستی و زمانزانی[1].

## لقی دووەم

## ڕێکارەکانی خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردن[2]

سەبارەت بە ڕێکارەکانی خۆ پاڵاوتن گەرایەنەوە بۆ دەقی مادده (7) لە یاسای ژمارە (1)ی سالی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق کە تێیدا هاتووە پێویست دەکات ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئەم پۆستە ئەو ڕێکارانەی خوارەوە ڕەچاو بکات.

1- داوای خۆ پاڵاوتن , لانی کەم پێش (30) سی ڕۆژ لە وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە دەستەی باڵا سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق بکات.

2- دەبێ دەستەی باڵا , داوای خۆ پاڵاوتنەکە بە بنبڕی یەکلابکاتەوە لە ماوەی (4) چوار ڕۆژدا – لە پێشکەشکردنی داواکەوە – بلاوی بکاتەوە.

---

([1]) شایەنی باسە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان هیچ ئاماژەیەك بەو مەرجانە نەکراوە ، بەڵکو بەجێهێڵدراوە بۆ یاسادانەر تاوەکو بەگوێرەی هەر بارودۆخێك و کاتێك یاسای تایبەت و گونجاو دابنێت.

([2])ماددەی حەوتەم – یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق سالی (2005) یاسای ژمارە (1).

3- پاڵێوراو مافی خۆیەتی لە ماوەی (7) حەوت رۆژدا – لە رۆژی دەرچوونی بریاڕی رەتکردنەوەی داواکەوە – لەبەر دەمی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستاندا نارەزایی خۆی نیشان بدات.

4- دادگا لە ماوەی (2) دوو رۆژ لە پێشکەشکردنی نارەزاییەکەوە , بریارێکی بنبڕی لەسەر دەردەکاو بلاْوی دەکاتەوە و , پاڵێوراوەکەش لە رۆژی دەرچوونی بریارەکەوە بە پێراگەیەندراو دادەنرێ.

5- دەستەی بالاْ لانی کەم (15) پازدە رۆژ بەر لە وادەی رۆژی هەڵبژاردن , ناوی پاڵێوراوان رادەگەینرێت , ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەیی دەنگەکان بەدەست دەهێنی بە براوەی هەڵبژاردن دادەنرێت.

## باسی دووەم

## دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق[1]

ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە کاندید دەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق زۆرینەی سادەی دەنگەکانی بەدەست هێنا بە براوە هەژمار دەکرێت بەو شێوازە هەڵدەستێت بە سوێند خواردنی یاسایی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی دەست بکات بە کارەکانی لە ماوەی (7)حەوت رۆژ لە رۆژی هەڵبژاردنیەوە سوێند خواردنەکەشی وەك ئەوەی لە دەقی مادده (9)ی لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق دا هاتووە بەو شێوەیە دەبێت:

(سوێند بێت بەخوای مەزن پارێزگاری لە مافەکان و دەستکەوتەکان و یەکریزی و بەرژەوەندیەکانی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرك و فەرمانەکانم بە دروستی و دلسۆزی ئەنجام بدەم)[2].

سەرۆکی هەرێم دوای سوێند خواردنی یاسایی هەڵدەستێت بە پیادە کردنی دەسەلاْتەکانی وەك ئەوەی بۆی دیاری کراوە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ئاماژە بۆکراو لەسەرەوە ئەویش لە دەقی مادده (10) بەم شێوازەی خوارەوە:

---

([1]) ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (1) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق سالی (2005).

([2]) دەقی ماددەی (63) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دوپاتی هەمان بابەت دەکاتەوە هەمان سوێندی دیاریکردووە.

**سەرۆكی هەرێم ئەو ئەرك و دەسەلاتانەی خوارەوەی هەیە:**

1- ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم دایاندەنێت سەرۆكی هەرێم لە ماوەی (10) رۆژ لە رۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێت , مافی ئەوەشی هەیە تانە لە هەموو یاسایەكان یان لە بەشێكی یاسایەكە بدات,رەوانی ئەنجومەنی بكاتەوە تا چاوی پێدا بخشێنرێتەوە , بڕیاری ئەنجومەنیش بنبڕە.

2- لە حالەتێكدا ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم هەڵبوەشێتەوە , یان ماوەی خولی هەڵبژاردنەكەی كۆتایی هاتیێ , سەرۆكی هەرێم لەماوەی (15) رۆژدا فرمانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەردەچوێنێت.

3- لە ماوەی (10) رۆژدا لە رۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردن , فرمانی بانگێشتكردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم بۆ خولی یەكەمی كۆبوونەوەی خولی هەلبژاردن دەردەچوێنێت , ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەكرا ئەنجومەن لەخۆیەوە لۆ رۆژی دوای كۆتایی ماوەكە كۆ دەبێتەوە.

4- كاتێ هەرێمی كوردستان و سیستەمە سیاسیەكەی یان ئاسایشی گشتی هەرێم بكەونە مەترسیەكی ئەوتۆوە هەرەشە لە بوونی بكاو ئەنجومەنی نیشتیمانی نەتوانێ كۆ بێتەوە , لەو كاتەدا سەرۆكی هەرێم دوای راوێژ و رێككەوتن لەگەل سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كۆمەڵێ بڕیار دردەكەن كە هێزی یاساییان هەیە بە مەرجێك ئەم بڕیارانە لە یەكەم كۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی , ئەگەر نەخرێتە بەردەمی و یان بخرێتە بەردەمی بەلأم رەت بكرێتەوە ئەنجومەن پەسەندی نەكرد ئەوا ئەو بڕیارانە سیفەتی یاساییان نامێنێت.

5- لێبوردنی تایبەت لە بەندكراوەكان بەپێی یاسا.

6- پەسندكردنی حوكمی لە سێ دارەدان یان سوك كردنی بۆ حوكمی هەتا هەتایی.

7- ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایی بەپێی یاسایەكی تایەت.

8- لەكاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەكات بۆ كۆبوونەوەیەكی ناچاری گفتوگۆ كردن لەسەر پرسەكی دیاریكراو , وە سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكەش دەكات.

9- لەكاتی پێویستدا بە رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم رێگە دەدات بە هێزە چەكدارەكانی فیدرال بێنە ناو هەرێمەوە.

10.سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بە رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

11.دوای ناونانی سەرۆکی وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عیراق , سەرۆکی هەرێم داوای لیَ دەکات وەزارەتەکەی لە ماوەی(30) رۆژدا لە رۆژی داواکردنەوە پێك بهێنێت.

11.کاتەك ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق , ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لە متمانە دەخات سەرۆکی هەرێم فرمانی قبول کردنی دەست لەکارکێشانەوەی دەردەچوێنێت.

12.فرمانی قبول کردنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێت وە داواشیان لیَ دەکات لە ئەرك و فەرمانەکانی خۆیان بەردەوام بن تا وەزارەتەکی نویَ پێك دەهێنێت.

13.دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیازی وەزارەت و رەزامەدی ئەنجومەنی وەزیران.

14.دامەزارندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی ئیدعای گشتی دوای هەلّبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

15.بەخشینی روتبەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزە چەکداریەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردن و خانە نشینیان بەپێی یاسا رەچاو کراوەکان

16.بەخشینی نیشان و مەدالیا بەپێی یاسا.

ئەم خالانەی کە باسکراوە جێگای رەزامەندین بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە دەکریَ هەندێك صلاحیاتی زیاتر بدرێت بە سەرۆك هەرێم چونکە دەسەلاتی سەرۆك هەرێم پەیوەست کراوە بە رێپێدانی ئەنجومەنی نیشتیمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەبیَ رەزامەندی ئەو دوو لایانە هیچ کارێکی بەرێوە ناچێت, بۆ نمونە سەرۆکی هەرێم دەکریَ:

- دەکریَ سەرۆکی هەرێم داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات سەر پرسێکی تایبەت لە بەرژەوەندی هاولاّتیان.
- دەکریَ سەرۆکی هەرێم رۆلێکی سەرەکی هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتی تازە نەك تەنها بە راسپاردە.

**لە خاڵی چوارەم باس لە وە دەکات ئەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی نەیتوانی کۆ بێتەوە ئەوا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێ بریار دەر دەکەن کە هێزی یاساییان هەیە,کە دەبێ ئەو بریارانە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانی کە ئایا پەسندی دەکات یاخود نا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە سەرۆکی هەرێم بەهۆی ئامادە نەبوونی نیشتیمان ئەو یاسایانەی دەرکردووە چۆن دەکرێ بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانی کە پەسەندی بکات یان نا.**

## دەروازەی دووەم

## بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

بەتاڵی پۆستی سەرۆکی هەرێم دروست دەبێت لە ئەنجامی غیاب بونی سەرۆکی هەرێم بەهەر هۆکارێك بێت کە ئەمەش بۆشایی گەورە لەم پۆستەدا دروست دەکات,مەبەستمان لەم توێژینەوە ئەم هۆکارانە بخەینە روو بە دەقی یاسایی ڕوونی بکەینەوە کە لە دەستوری هەرێمی کوردستان نووسراوە,ئەم بەتال بوونە هەر لە کۆنەوە لەهەموو سیستەمە سیاسیەکاندا دروست بووە و بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە بووەتە هۆی ئەوەی کەوا کێشە دروست بێتو رێکارەکانی بەرێوەبەردنی ولاٌت بەباشی نەڕوات.

کەواتە شتێکی سروشتیە کە بەتالی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم روودات جا بە شێوازێکی کاتی بێت یان هەمیشەیی بەلاٌم لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو لایەنە کێیە کە شوێنی سەرۆکی هەرێم دەگرێتەوە؟ وە ئایا هەمان دەسەلات و ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە دەکات؟ ئایا هیچ کۆت و بەندێك لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟ ئەمانەی سەرەوە کۆمەلێك پرسیارن هەوڵ دەدەین بگەینە وەلاٌم ئەویش لە رێگای دابەش کردنی ئەم دەروازەیە بەسەر دوو بەش بە شێوازێك کەوا لە بەشی یەکەم باسی شێوازەکانی بەتاڵ بوونی ئەم پۆستە دەکەین وە لە بەشی دووەم باسی ئەو لایەنانە دەکەین کە دەسەلاتەکانی سەرۆمی هەرێم پیادە دەکەن.

## باسی یەکەم

## شێوازەکانی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

بەتاڵ بوون دوو شێوازی هەیە یا ئەوەتا کاتییە یا ئەوەتا هەمیشەییە[1] هەوڵ دەدەین لەمیانەی دابەشکردنی ئەم باسە بەسەر دوو لقی جیاواز و سەربەخۆ بخەینەڕوو ، بەشێوازێك کەوا لقی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ ئاماژەدان بەشێوازە کاتییەکان ، وە لەلقی دووەم ڕاڤەی شێوازە هەمیشەییەکان دەکەین.

### لقی یەکەم

### شێوازە کاتییەکان

ڕوو دەدات پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی کاتی بەتاڵ ببێت وە زۆربەی جار ئەو هۆکارانە نابنە هۆی ئەوەی کێشەی یاسایی دروست بکەن بە نمونە گەشت کردنی سەرۆکی هەرێم بۆ دەرەوەی عێراق یاخود توش بوونی بە نەخۆشی ، ئەمانە خۆی لەخۆیدا شێوازی کاتین بۆ بەتاڵبوونی ئەم پۆستە ، چونکە ماوەیەکی دیاریکراوە و دواتر حاڵەتەکە ئاسایی دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی هەر بۆیەش پێیان دەگوترێت شێوازە کاتیەکان.

### لقی دووەم

### شێوازە هەمیشەییەکان

مەبەست لێی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق بە شێوازێکی هەمیشەیی بە شێوازێك کەوا پێویست دەکات سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت ئەمەش بە گوێرەی بنەماکانی دەستوور و یاسا, شایەنی باسە حالەتەکانی

---

(1) د.حميد حنون خالد ، خلو منص رئيس الدولة في دساتير العراق و بعض الدساتير المقارنة ،توێژینەوەیەکە بلاّو کراوەتەوە لەسەر سایتی ئەلیکترونی : https://www.iasj.net/iasj/pdf/3fa330a50b0f8bb8 ، لاپەڕە 5.

بەتاڵ بوونی هەمیشەیی خۆیان لە مردنی سەرۆك یاخود دەست لە كاركێشناوەی یاخود نەتوانینێكی گشتی یاخود دورخستنەوەی[1], ئەم حالەتانە شی دەكەینەوە بەو شێوازەی خوارەوە.

1- مردنی سەرۆكی هەرێم: بابەتی مردن یەكێكە لە حالەتە سروشتیەكان كە لە كاتی روودانی دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆكی هەرێم جا بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی ئاخۆ سەرۆكی هەرێم بە شێوازێكی كاتی یان شێوازێكی هەمیشەیی لەم پۆستەدا بووە.

2- دەست لەكاركێشانەوە: مەبەست لێی بریتیە لە بەجێ هێشتنی پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن سەرۆكەوە بە ویستی خۆی.

3- نەتوانینی گشتی: مەبەست لێی ئەوەیە كەوا سەرۆكی هەرێم نەتوانێت دەسەلاٌت و ئەركەكانی خۆی پیادە بكات بە هۆكاری بوونی نەخۆشیەكی مەترسیدار كە تووشی بووە وە پێویست دەكا ئەو بابەتە بسەلمێندرێت یاخود پشت راست بكرێتەوە.

4- دورخستنەوە: دورخستنەوەی سەرۆكی هەرێم لەكاتی پێشێلكردنی دەستوور و بنەما یاساییەكان.

شایەنی ئاماژە بۆكردنەوە كەوا لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستاندا ئاماژە بە شێوازی بەتاڵبوونی پۆستی سەرۆكی هەرێمی بەشێوزای هەمیشەیی كراوە ئەویش لەدەقی ماددەی (62) كە تێیدا هاتووە (سەرۆكی هەرێم یاخود جێگرەكەی دوور دەخرێتەوە لەپۆستەكەی ئەگەر ئیدانە كرا لەلایەن دادگای دەستوری هەرێم لەسەر بنەمای تۆمەتێك كە پەرلەمان ئاراستەی كردبوو ئەویش بە زۆرینە دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی لەحاڵەتی لادان لەسوێندی دەستوری یاخود پێشێلكردنێكی مەترسیداری دەستوری یاخود ئەنجامدانی خیانەتێكی مەزن).

تێبینی ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كەوا لەو ماددەیە كۆمەڵێك دەستەواژە بەكارهاتوون ڕەنگە تەفسیری جیاواز و مانای جیاواز لەخۆ بگرن و دواجار ببنە هۆی درووست بوونی كێشەی یاسایی و تەنانەت سیاسیش

(1) د.رافع خضر صالح و حيدر غالب حسين ، اساليب معالجة حالة خلو منصب رئيس الدولة ، توێژینەوەیەكە بلاٌوكراوەتەوە لە گۆڤاری : مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية ، دەركردنی یەكەم ، ساڵی دەیەم ، 2018 ، لاپەڕە 13.

لەولاَت ، کاتێك سەیری دەستەواژەی (پێشێلکردنێکی مەترسیداری دەستور) دەکەین نازانین ئاخۆ دەبێ چ جۆرە پێشێلکردنێك مەترسیدار بێت و چ جۆرێکیش بێ مەترسی بێت ؟! وە ئاخۆ مەبەست چیە لە خیانەتێك مەزنە و دەچێتە قالبی لادانی سەرۆکی هەرێم یا جێگرەکەی ؟ ئەمانە کۆمەلێك پرسیارن کە دەبوو یاسادانەری دەستوری یەکلاییان بکاتەوە و دەرفەت نەدات بۆ هەلگرتن و ڕاڤەکردنی جیاواز.

## باسی دووەم

### ئەو لایەنانەی کە دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە دەکەن لەکاتی بەتاڵ بوونی پۆستەکەی

لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق سەرۆکی بالاَی دەسەلاتی جێ بە جێ کردنە وە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کوردستان دەکات و بەناویانەوە دەدوێت لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی وە هەروەها بەرپرسە لە درووست کرنی هەماهەنگی لە نێوان دەسەلاتی حکومەتی فیدرالّی و دەسەلاتی هەرێمی کوردستان گونجاو نیە لەکاتی بەتاڵ بوونی پۆستەکەی لایەنێکی تر نەبێت بەو ئەرکانە هەلّبستێت, بۆیە پێویستە لەسەرمان لەو بابەتە بکۆلّینەوە ئەویشی بە گەرانەوەمان بۆ یاسای سەرۆکیاتەی هەرێمی کوردستان – عێراق وە هەروەها پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە شێوازێك کەوا بتوانین ئەو لایەنانە دەستنیشان بکەین لەگەڵ ئەو دەسەلاَتانەی کە پیادە دەکرێن, بۆ ئەم مەبەستە هەلّساین بە دابەشکردنی ئەم باسە بەسەر دوو لقدا لە لقی یەکەم ئاماژە دەدەین بە لایەنانەی کەوا دەسەلاَتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگرنە دەست, لە لقی دووەم تیشك دەخەینە سەر ئەو دەسەلاَتانەی کە پیادە دەکرێت.

## لقى يەكەم

## ئەو لايەنانەى كە دەسەلاّتەكانى سەرۆكى هەريّم پيادە دەكەن

ياسادانەرى كوردستانى لە ياساى ژمارە (1)ى سالى 2005 ئاماژەى داوە بە بابەتى بەتالّ بوونى پۆستى سەرۆكى هەريّمى كوردستان بە كۆمەليّك دەقى ياسايى, بەشيّوازيّك كەوا لە دەقى ماددە (13) دا هاتووە (سەرۆكى هەريّم فەرماندارى گشتى هيّزەكانى پيّشمەرگەى هەريّمى كوردستان – عيّراق دادەمەزريّنىّ تا لە ئەرك و فەرمانەكانيدا لەم رووەوە ياريدەى بداو لە ديارنەبوونيدا جيّگاى بگريّتەوە).

لە ميانەى خويّندنەوەى ئەم دەقەى سەرەوە تيّبينى ئەوە دەكەين كەوا ياسادانەر ريّگەى داوە بە دياريكردنى جيّگريّك بۆ سەرۆكى هەريّمى كوردستان – عيراق تەنها لە بوارى شويّنگرتنەوەى وەك و فەرماندەى هيّزەكانى پيّشمەرگە لە كاتى ديار نەبوونى سەرۆكى هەريّم ئەمە لە لايەك, لە لايەكى ترەوە ياسادانەر رەوايەتى داوە بە بابەتى شويّن گرتنەوە نەوەك پيادەكردنى دەسەلاّتەكانى.

وە لە ميانەى دەقى ماددە (14)دا هاتووە (لە حالەتى ديارنەبوونى سەرۆكى هەريّمى كوردستان – عيراق لەبەر هەر هۆكاريّك سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران شويّنى دەگريّتەوە بە شيّوازى وەكالەت).

تيبّينى ئەوە دەكەين بە گويّرەى ئەو ماددەيە سەرجەم دەسەلاّتەكاى سەرۆكى هەريّمى دراوەتە سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران بە شيّوازى وەكالەت.بەلاّم سەبارەت بە دەقى ماددە (15)كە تيّيدا هاتووە(ئەگەر پلەو پايەى سەرۆكى هەريّم لەبەر هەر هۆيەك چۆل بوو سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان – عيراق ئەرك و فەرمانەكان هەلّدەسوريّنىّ تا لەماوەى (60)رۆژدا لە رۆژى چۆلّ بوونى پلەو پايەكەدا سەرۆكيّكى نوىّ هەلّدەبژيّردريّت).

بەبۆچوونی ئێمە جیاوازی هەیە لە نێوان دەستەواژەی (دیارنەبوون) لەگەڵ دەستەواژەی(چۆڵ بوون)[1]بەشێوازێك کەوا مەبەست لەوەی یەکەم بریتیە لە سەرجەم شێوازەکانی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم [2]بەلاَم سەبارەت بە دەستەواژەی دووەمیان مەبەست لێی زیاتر بریتیە لە کۆتایی هاتنی کاتی یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عیراق واتە ئەو کاتەی کە بۆی تەرخان کرابوو بە (4) [3]ساڵ بە شێوازێك کە دەیتوانی بۆ جاری دووەم خۆی هەڵبژێرێت بەلاَم دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە بۆ جاری دووەم وە لە نەبوونی سەرۆکێکی نوێ ئەێمە دەکەوینە بەرامبەر بەدیهاتنی ئەم حاڵەتە کە لێرەشدا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەبووە شوێنگرەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (60) ڕۆژ لە بەرواری چۆل بوونەکەوە.

شیاوی ئاماژە پێدانە یاسادانەری دەستوری باسی لەم بابەتە کردووە لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەهەردوو شێوازی چۆڵ بوون و دیار نەمانی سەرۆکی هەرێم ، واتە بەشێوزای کاتی و هەمیشەیی ، لەدەقی ماددەی (68) لە بڕگەی یەکەمی دا هاتووە ( ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەستی لەکارکێشایەوە یاخود کۆچی دوایی کرد یاخود توشی نەخۆشیەك بوو کە نەیدەتوانی چیتر کارەکانی بەڕێوەببات" ئەوا سەرۆکێکی نوێ وەك جێگرەوەی لەماوەی 60 ڕۆژ هەڵدەبژێردرێت بۆ ماوەی چوار ساڵ بەگەڕانەوە بۆ دەقی ماددەی –64– لەم دەستورەدا).

وەهەروەها لەبڕگەی سێیەمی هەمان ماددە ئاماژەی بەوە داوە کەوا ( لەکاتی دیار نەبوونی سەرۆکی هەرێم یاخود لەکاتی پشووی ، یاخود چیتر نەیتوانی بەردەوام بێت ، ئەوا جێگرەکەی بەشێوازێکی کاتی شوێنی ئەو دەگرێتەوە).

تێبینی دەکەین کەوا یاسادانەر ئاماژەی بەجێگرتنەوەی جێگری سەرۆکی کردووە لەحاڵەتی دیار نەبوونی کاتی و هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە کە دەتوانێت دەسەلاَتەکانی سەرۆك وەك ئەوەی هەیە پیادە بکات یاخود نا.

---

(1) د.جمعة عباس بندي ، خلو منصب رئيس الجمهورية في الدستور ، نووسینێکە بلاَوکراوەتەوە لە سایتی ئەلیکترۆنی : https://www.kurdistan24.net/ar/opinion/27879 ، بەرواری سەردانی کردن (2022/12/13).

(2) سەیر دەقی ماددەی (64) لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بکە سەبارەت بەم بابەتە.

(3) بۆ زانینی حاڵەتەکان بگەڕێوە بۆ لاپەڕەی (13و14) لەم توێژینەوەیەدا.

وە هەر لەهەمان ماددەی ئاماژە بۆ کراو لەسەرەوە و لەبڕگەی چوارەم دا هاتووە ( سەرۆکی هەرێم بەردەوام دەبێت لە پۆستەکەی تەنانەت دوای تەواو بوونی ماوەی یاساییەکەی لەحاڵەتی بوونی جەنگ یاخود کارەساتی سروشتی ، تا ئەو کاتەی ئەم هۆکارانە نامێنن و هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دیاریکردنی سەرۆکێکی نوێ).

لێرە دا بەبڕوای ئێمە یاسادانەری دەستوری هیچ ئاماژەیەکی بە تەواو بوونی ماوەی یاسایی نەداوە لەحاڵەتی نەبوونی هیچ هۆکارێکی جەنگی و سروشتی ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەهیچ شێوازێك سەرۆك لەم حاڵەتە ناتوانێت لەپۆستەکەی بەردەوام بێت.

## لقی دووەم

### پیادەکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم کوردستان – عێراق لە کاتی بەتاڵ بوونی پۆستەکەی

بڕگەی دوو لە ماددەی (13) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق ئاماژەی بەوە داوە (سەرۆکی هەرێم جێگرێگ بۆ فەرمانداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان – عێراق دادەمەزرێنێت تا لە ئەرك و فەرمانەکانیدا لەم رووەوە یاریدەی بداو, لە دیارنەبوونیدا جێگای بگرێتەوە)

لە راڤەکردنی ئەم دەقە تێبینی ئەوە دەکەین کەوا یاسادانەر هەڵساوە بە پێدانی دەسەلاتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە بە جێگری سەرۆکی هەرێم لە حالەتی دیارنەبوون بە تەنها, کە ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە هەردوو چەمکی (دیارنەبوون و چۆڵ بوون) لەروی یاساییەوە جیاوازی هەیە لە نێوانیان.

بەلاَم سەبارەت بە دەسەلاَتە جێ بە جێ كاری و یاسادانان و دادوەری و پرۆتۆكۆلیەكان هەموویان پیادە دەكرێن لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە حالَەتی دیارنەبوون, بەلاَم ئەگەر هاتوو ئەم پۆستە چۆلْ بوو ئەوا سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران شوێنی دەگرێتەوە بۆ ماوەی (60)ڕۆژ لە بەرواری چۆلْ بوونەكەوە[1].

بەلاَم بەگوێرەی یاسای هەمواری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (2)ی سالی 2006 دەقی ماددە چواردە هەلَوەشایەوە بەم شێوازە سەرجەم دەسەلاَتەكانی سەرۆكی هەرێم لە حالەتی دیارنەبوون و چۆلْ بوونی پۆستەكەی دەگوازرایەوە بۆ سەرۆكی پەرلەمان.

شایەنی ئاماژە پێدانە كەوا سالی 2017 دەسەلاَتی یاسادانەر یاسای ژمارە (2)ی سالی 2017ی دەركرد بە گوێرەی ئەم یاساییە سەرجەم دەسەلاَتەكانی سەرۆكی هەرێم دابەش كرا بەسەر دامەزراوە دەستوریەكانی هەرێمی كوردستان – عیراق دا ئەمەش بە هۆكاری ئەوەی كەوا سەرۆكی هەرێم رەتی كردەوە بەردەوام بێت لە پۆستەكەی, بەم جۆرە دەقی ماددەی (1) وە لە برگەی یەكەمدا ئاماژەی دا بەوەی (سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاَتەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە لە ماددەكانی یەكەم و دووەم و وە هەروەها برِگەكانی:
(دووەم,شەشەم,دەیەم,پازدەهەم,هەژدەهەم,نۆزدەهەم لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عیراق ژمارە (1)ی سالی 2005 پیادە دەكرێن).

وە هەروەها سەبارەت بە دەسەلاَتە دادوەریەكان سەرجەمیان بەخشران بە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان – عیراق بەم شێوازە دەبینین كەوا یاسادانەری كوردستانی هەلَسا بە دابەشكردنی سەرجەم دەسەلاَتەكانی

---

([1]) د.رافع خضر صالح و حيدر غالب حسين ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 14. و بۆ هەمان بابەت بگەڕێوە بۆ دەقی ماددەی (68/دووەم) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان و دەقی ماددەی (15) لە یاسای ژمارە (1) سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان سالَی 2005ی هەمواركراو.

**سەرۆکی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم ئەمەش لە پێناو دوورکەوتنەوە لە کێشەی پیادەکردنی ئەم دەسەلاّتانە.**

**شایەنی باسە ئەم بابەتە درێژەی نەکێشا بە شێوازێك کەوا یاسادانەری کوردستانی یاسای ژمارە (1)ی سالی 2019ی (یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی – عێراق) دەرکرد وە لە دەقی ماددە (2)ی ئەم یاسایەدا هاتووە (یاسای دابەشکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی–عێراق ژمارە (2)ی سالی 2017 هەلّوەشایەوە),بەم شێوازە سەرجەم ئەم دەسەلاّتانی کە دابەش کرابوون بەسەر ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان وە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری گەڕێندرانەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عیراق[1], بەلاّم ئەوەی شیاوی ئاماژە پێدانە لەم یاساییە شێوازی هەلّبژاردنی سەرۆکی هەرێم گۆڕانکاری بەسەردا هات بە شێوازێك کەوا لە دەقی ماددە سێیەم بڕگەی (1) دا هاتووە (...پەرلەمانی کوردستان هەلّدەستێت بە هەلّبژاردنی سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان تا ئەو کاتەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پەسند دەکرێت), وە لە بڕگەی دووەم ی ماددەی سێیەم دا هاتووە (..سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت وە دەسەلاّتەکانیشیان دیاری دەکرێت لەلایەن خودی سەرۆکەوە).**

**سەبارەت بەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوە دەکەین لەدەقی مادەی (68) و لەبڕگەی دووەم دا هاتووە ( لەکاتی چۆلّ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم ، سەرۆکی پەرلەمان دەسەلاّتەکانی پیادەکات تا ئەوکاتە سەرۆکی نوێ هەلّدەبژێردرێت لەماوەی شەست ڕۆژ لەکاتی چۆلّ بوونەکەوە)**

**تێبینی ئەوە دەکەین کەوا یاسادانەر ئاماژەی بەوە نەداوە ئاخۆ ئەگەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چۆلّ بوبێت یاخود خودی سەرۆکی پەرلەمان دیار نەبێت جا بەهەر هۆکارێك بێت یاخود ماوەی یاسایی کۆتایی هاتبێت ، ئاخۆ کێ دەسەلاّتەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە دەکات ؟ وە بەڕای ئێمە باشتر دەبوو ئەگەر دەسەلاّتەکانی سەرۆکی هەرێم بگوازرابوایەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کە ئەویش بەشێکە لەدەسەلاّتی جێبەجێکردن.**

---

(1) د.حمید حنون خالد ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 11.

# کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە کۆمەڵێك دەرئەنجام و پێشنیار کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم – دەرئەنجامەکان:**

1- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە کاندید دەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق زۆرینەی سادەی دەنگەکانی بەدەست هێنا بە براوە هەژمار دەکرێت بەو شێوازە هەڵدەستێت بە سوێند خواردنی یاسایی

2- داوای خۆ پالاّوتن , لانی کەم پێش (30) سی رۆژ لە وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە دەستەی بالاّ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق بکات.

3- لە حالەتێکدا ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم هەڵبوەشێتەوە , یان ماوەی خولی هەڵبژاردنەکەی کۆتایی هاتیێ , سەرۆکی هەرێم لەماوەی (15) رۆژدا فرمانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەردەچوێنێت.

4- بڕگەی دوو لە ماددەی (13) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق ئاماژەی بەوە داوە (سەرۆکی هەرێم جێگرێگ بۆ فەرماندارى گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان – عێراق دادەمەزرێنێت تا لە ئەرك و فەرمانەکانیدا لەم رووەوە یاریدەی بداو, لە دیارنەبوونیدا جێگای بگرێتەوە)

**دووەم – پێشنیارەکان:**

1- داوا لەپەرلەمانی کوردستان و سەرجەم لایەن و حیزبەکان دەکەین پەلە بکەن لەسەر ڕێکەوتن لەبارە پەسندکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان بۆ ئەوەی ببین بە خاوەنی دەستوری خۆمان ، وە ئەرکی سەرەکی دەستوریش وەك ڕوونە بریتی یە لە ڕێکخستنی ئەرك و دەسەلاتی دامەزراوەکان و دەستاودەست کردنی دەسەلات و دیاریکردنی ماف و ئازادیەکان ، بەوپێیە بوونی دەستور دەبێتە هۆی ڕێگری لەچۆڵ بوون و بەتاڵ بوونی سەرجەم پۆستەکان و لەنێویشیاندا پۆستی سەرۆکی هەرێم.

2- ڕێکخستن ودیاریکردنی سەرجەم دەسەلاتە یاسادانان و داوەری و جێبەجێکاریەکانی سەرۆکی هەرێم لەنێو دەستوردا و جێ نەهێشتنی ئەم بابەتە بۆ یاسا ، ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسی دەست بردن و یاریکردن بەم دەسەلاتانەوە.

3- دانانی دەقێکی تایبەت لەنێو دەستوری هەرێمی کوردستان کە بەڕوون و ئاشکرا باس لە کات و شێوازەکانی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم بکات و ئاماژە بدات بەو لایەنەی کە جێگاکەی پڕدەکاتەوە و ئەو دەسەلاتانەی کەوا دەتوانێت پیادەیان بکات.

4- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو یاسا و ڕێسایانەی کەوا دەرکراون سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

5- باشتر وایە دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم بدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی بەتاڵبوونی ئەم پۆستە یاخوج چۆڵ بوونی ، لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەر بەهەمان لایەنە کەبریتیە لە لایەنی جێبەجێکاری ، بەو پێیە دەتوانین بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بەباشی جێبەجێ بکەین.

6- زیادکردنی مەرجی سزا نەدانی ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بەتاوانەکان ئابڕووبەری و مادده بێهۆشکەرەکان و تیرۆر.

7- مانەوە و پەسندکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە لەبری پەرلەمان.

## (ليستى سەرچاوەكان)


- قورئانى پيرۆز

**يەكەم كتێب :**

1- د.حميد حنون خالد ، مبادىء القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق ، الدار الجامعية للطباعة والنشر ، بغداد ، ط2، 2012.

**دووەم : توێژينەوە و بڵاوكراوەكان :**

1- د.رافع خضر صالح و حيدر غالب حسين ، اساليب معالجة حالة خلو منصب رئيس الدولة. توێژينەوەيەكە بڵاوكراوەتەوە لە گۆڤارى : مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية ، دەركردنى يەكەم ، ساڵى دەيەم ، 2018

2- د.جمعة عباس بندي ، خلو منصب رئيس الجمهورية في الدستور. نووسينێكە بڵاوكراوەتەوە لە سايتى ئەليكترۆنى : https://www.kurdistan24.net/ar/opinion/27879 ، بەروارى سەردانى كردن (2022/12/13).

**سێيەم : دەستور و ياساكان :**

1- پرۆژەى دەستورى هەرێمى كوردستان.

2- ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان ژمارە (1) ساڵى 2005.

3- ياساى ژمارە (2) ى ساڵى 2006 ، ياساى هەموارى يەكەمى ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان.

4- ياساى ژمارە (1) ى ساڵى 2009 ، ياساى هەموارى دووەمى ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان.

5- ياساى ژمارە (1)ى ساڵى 2014 ، ياساى هەموارى سێيەمى ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان.

## چوارەم : سایت و پێگە ئەلیکترۆنیەکان :


1- https://www.kurdistan24.net

2- https://www.iasj.net

3- http://krp.org/